# ئەبی حومەیدی ساعیدی دانیشتبوو لە نێو دە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەوانەیش ئەبو قەتادە، ئەبو حومەید ووتی: من لە هەمووتان زاناترم سەبارەت بە چۆنیەتی نوێژکردنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم

لە موحەمەدی کوڕی عەمرو کوڕی عەتا دەڵێت: گوێم لە ئەبی حومەیدی ساعیدی بوو کە دانیشتبوو لە نێو دە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەوانەیش ئەبو قەتادە، ئەبو حومەید ووتی: من لە هەمووتان زاناترم سەبارەت بە چۆنیەتی نوێژکردنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتیان: بۆچی؟ تۆ لە ئێمە زیاتر شوێنکەوتووی نەبوویت وهاوەڵیت لەگەڵ ئەودا لە پێش ئێمە نەبووە، ووتی: بەڵێ، من بەو شێوەیەم، ووتیان: کەواتە پیشانی بدە، (ئەبو حومەید) ووتی: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەستایە بۆ نوێژکردن دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی، پاشان تەکبیرەی دەکرد* هەتاوەکو هەموو ئێسکەکان لە شوێنی خۆیان -لە جومگەکانیان- جێگیر دەبوون وبە شێوەیەکی ڕێک دەوەستا، پاشان (قورئانی) دەخوێند، پاشان تەکبیرەی دەکرد هەتاوەکو دەستەکانی دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی، پاشان ڕکوعی دەبرد و ناولەپەکانی دەخستە سەر ئەژنۆکانی، پاشان ڕێک دەبوویەوە لە -ڕکوع بردندا سەری لە ئاستی ڕێکی پشتی بوو- نە سەری بەرز دەکردەوە ونە سەری دادەگرت، پاشان سەری بەرز دەکردەوە -هەڵدەستا لە ڕکوع بردن- ودەیووت: «(سمع الله لمن حمده)**، پاشان دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی کاتێک بە ڕێکی وەستا بوو، پاشان دەیووت: «(الله أكبر)^»، پاشان -بۆ سوجدە بردن- بەرەو سەر زەوی دەچوو ودەستەکانی لە تەنیشتەکانی لاشەی دوور دەکردەوە، پاشان سەری بەرز دەکردەوە -لە سوجدە بردن- وپێی چەپی دەنووشتاندەوە و لەسەری دادەنیشت، -بۆشایی دەخستە- نێوان پەنجەکانی پێی ئەگەر سوجدەی ببردایە، پاشان دەیووت: «(الله أكبر)»، وسەری بەرز دەکردەوە -لە سوجدە بردن- وپێی چەپی دەنووشتاندەوە و لەسەری دادەنیشت هەتاوەکو هەموو ئێسکێک دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی -ڕێک دەبوویەوە لە جومگەکەیدا-، (هەڵدەستایەوە) پاشان لە -ڕکاتەکەی- تریش هەمان شتی ئەنجامدەدا، پاشان ئەگەر لە دوو ڕکاتەکە هەڵبستایە تەکبیرەی دەکرد ودەستەکانی بەرزدەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی هەروەکو چۆن تەکبیرەی کرد لە سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ، پاشان (لە هەموو ڕکاتەکانی تر) هەمان ئەم شتانەی ئەنجامدەدا هەتاوەکو ئەگەر لەو سوجدە بردنە بووایە کە لە پاشی سەلامدەدانەوە دێت پێی چەپی دەردەکرد -لە ژێر پێی ڕاستیەوە- وبە شێوازی (تەوەروک:تَوَرُّكٌ)^^ لە سەر تەنیشتی -سمتی- چەپی دادەنیشت دانیشت»، ووتیان: ڕاست دەکەیت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەم شێوەیە نوێژی دەکرد. *(تەکبیرەی دەکرد: واتە دەیووت -الله أكبر-)، **(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، ^(واتە: خودا لە هەموو شتێک وکەسێک گەورەترە)، ^^(تەوەروک: شێوازی دانیشتنی تەوەروک تەنها لە کۆتا تەشەهود -تەحیاتدا- دەبێت لە نوێژە سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتیەکاندا، زیاتر لە یەک شێواز -جۆری- هەیە: دانیشتنی التورك -تەوەروک- بریتیە لەوەی پێی ڕاستی بچەقێنێتە -بیوەستێنێتە- سەر زەوی وپێی چەپی لە ژێر پێی -ساقی~- ڕاستیەوە دەربکات ولە سەر سمتی لای چەپی دابنیشێت، یان پێی ڕاستی لەسەر زەوی دابنێت وپێی چەپی لە نێوان ساقی ورانی ڕاستیەوە دەربکات و لەسەر لای -سمتی- چەپی دابنیشێت)، ~(ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆ دەبەستێتەوە بە قولەپێکان -گوێزنگەکان:قاپەڕەقەکان-)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە سیفەت وشێوازی نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونەکاتەوە وباشترین شێوازە کە

دەبێت مسوڵمان جێبەجێی بکات لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا، کۆمەڵێک لە کردەوەکانی نوێژکردنی باسکرد لە پایەکان و واجبەکان وسونەتەکان لە تەکبیر کردنەوە (ووتنی: الله أكبر) هەتاوەکو سەلامدانەوە، ئەویش بەم شێوەیە بوو: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەستایە بۆ نوێژکردن دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی، پاشان تەکبیرەی دەکرد* هەتاوەکو هەموو ئێسکەکان لە شوێنی خۆیان -لە جومگەکانیان- جێگیر دەبوون وبە خشوعی وبە شێوەیەکی ڕێک دەوەستا، پاشان قورئانی دەخوێند، پاشان تەکبیرەی دەکرد دەستەکانی دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی، پاشان ڕکوعی دەبرد و ناولەپەکانی دەخستە سەر ئەژنۆکانی، پاشان ڕێک دەبوویەوە لە -ڕکوع برندا سەری لە ئاستی ڕێکی پشتی بوو- نە سەری بەرز دەکردەوە ونە سەری دادەگرت بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێک ڕکوعی دەبرد، پاشان سەری بەرز دەکردەوە -هەڵدەستا لە ڕکوع بردن- ودەیووت: (سمع الله لمن حمده)**، پاشان دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی کاتێک بە ڕێکی وەستا بوو، پاشان دەیووت: (اللـه أكـبر)^، پاشـان -بـۆ سوجـدە بـردن- بـەرەو سـەر زەوی دەچـوو ودەسـتەکانی لـە تەنیشتەکـانی لاشـەی دوور دەکردەوە، پاشان سەری بەرز دەکردەوە -لە سوجدە بردن- وپێی چەپی دەنووشتاندەوە و لەسەری دادەنیشت، وبۆشایی دەخستە نێوان پەنجەکانی پێی ئەگەر سوجدەی ببردایە، پاشان دەیووت: (الله أكبر)، وسەری بەرز دەکردەوە -لە سوجدە بردن- وپێی چەپی دەنووشتاندەوە و لەسەری دادەنیشت هەتاوەکو هەموو ئێسکێک دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی -ڕێک دەبوویەوە لە جومگەکەیدا-، هەڵدەستایەوە پاشان لە ڕکاتەکەی تریش هەمان شتی ئەنجامدەدا، پاشان ئەگەر لە دوو ڕکاتەکە هەڵبستایە تەکبیرەی دەکرد ودەستەکانی بەرزدەکردەوە هەتاوەکو دەگەیشتنە ئاستی شانەکانی هەروەکو چۆن تەکبیرەی کرد لە سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ، پاشان لە هەموو ڕکاتەکانی تردا هەمان ئەم شتانەی ئەنجامدەدا هەتاوەکو ئەگەر لەو سوجدە بردنە بووایە کە لە پاشی سەلامدەدانەوە دێت (بەم شێوەیە لە گێڕانەوەکەوە هاتووە وئەوانەی فەرموودەیەکەیان شیکردووەتەوە بەو شێوە لێکیان داوەتەوە ئەو دانیشتنەیە کە تێیدا سەلام دەکات)، واتا لە کۆتا دانیشتندا پێی چەپی دەردەکرد -لە ژێر پێی ڕاستیەوە- وبە شێوازی (تەوەروک:تَوَرُّكٌ)^^ لە سەر تەنیشتی -سمتی- چەپی دادەنیشت دانیشت. *(تەکبیرەی دەکرد: واتە دەیووت -الله أكبر-)، **(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، ^(واتە: خودا لە هەموو شتێک وکەسێک گەورەترە)، ^^(تەوەروک: شێوازی دانیشتنی تەوەروک تەنها لە کۆتا تەشەهود -تەحیاتدا- دەبێت لە نوێژە سێ ڕکاتی وچوار ڕکاتیەکاندا، زیاتر لە یەک شێواز -جۆری- هەیە: دانیشتنی التورك -تەوەروک- بریتیە لەوەی پێی ڕاستی بچەقێنێتە -بیوەستێنێتە- سەر زەوی وپێی چەپی لە ژێر پێی -ساقی~- ڕاستیەوە دەربکات ولە سەر سمتی لای چەپی دابنیشێت، یان پێی ڕاستی لەسەر زەوی دابنێت وپێی چەپی لە نێوان ساقی وڕانی ڕاستیەوە دەربکات و لەسەر لای -سمتی- چەپی دابنیشێت)، ~(ساق: ئەو (-ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆ دەبەستێتەوە بە قولەپێکان -گوێزنگەکان:قاپەڕەقەکان

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10902

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee